# ئەحمەد زەمانە (یادێك ) بڵاودەكاتەوە



دوای ماوەیەك دابڕان لە چالاكی هونەریو گۆرانی وتندا، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا گۆرانیبێژو لاوكبێژی ناسراوی دەڤەری مەخموور (ئەحمەد زەمانە) سیدییەكی بە ناونیشانی ( یادێك ) كە لە شەش تراك پێكهاتووە بڵاو كردەوە، ئەمەو سیدییەكە لە چوار گۆرانیو لاوكو حەیرانێك پێكهاتووە.

لە لێدوانێكی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) سەبارەت بە بەرهەمە نوێیەكەی هونەرمەندی ناوبراو وتی" گۆرانی (ئەی دڵ) لە ئاوازی خۆمەو دابەشكردنی مۆسیقا لەلایەن هونەرمەند (جەمیل سنجاوی) ئامادەكراوە، هەروەها گۆرانی (دایك) كە شیعری هۆزانڤان (زۆراب مەخمووری) یەو ئاوازی خۆمە و هونەرمەند (سالم سەباح) دابەشكردنی مۆسیقای بۆ كردووە، گۆرانی(شادی) یش لە شیعری (زۆراب مەخمووری) یە و ئاوازی خۆمە و هونەرمەند (سازگار حاجی) دابەشكردنی مۆسیقای بۆ كردووە، دوا گۆرانیش (با بچینە داران) كە شیعر و ئاوازی فۆلكلۆرەو دابەشكردن و ئامادەكردنی مامۆستا (جەمیل سنجاوی)ە"، هەروەها سەبارەت بە دوو تراكەی تریش وتی" لاوكی(سەیدەوان) لە داستانی مامۆستا (پیرداود مەخمووری)یەو هونەرمەند (موحسین عوسمان) كاری دابەشكردنی مۆسیقای بۆ كردووە، هەروەها حەیرانی (كیژۆرە ئەسمەرێ)ش كە لە دەقی فۆلكلۆرەوە وەرگیراوەو(سازگار حاجی) دابەشكردنی مۆسیقای بۆ كردووە" .

ماوەتەوە بڵێین ئەم بەرهەمەی هونەرمەند(زەمانە) لە ستۆدیۆی (شەهید كاوە) لەلایەن ئەندازیاری دەنگ (سالم سەباح) تۆمار كراوەوە ، سەنتەری ئەربائیلۆش كاری ڕێكلام و بڵاوكردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە.

## واڵا



خەلیل بلانی

### چی...؟

### مەخموور دەبێتە شاری دالغەكان؟!

مەخموور و ناوچە دابڕاوەكانی دیكەی كوردستان وا پێ دەنێنە شەشەمین ساڵیادی ئازادكردنی، تا ئێستا ئیدارەكەمان ساوابوو بۆیە لەلایەن هەردوو ئیدارەی هەولێرو موسڵەوە بەخێو دەكراو بە زگێك تێرو بە زگێك برسی بوو. ئاخر هەولێر دوای تەواوكردنی تەمەنی ئازادكردنی یاسایی خۆی كە هەژدە ساڵە ئینجا شاری خەونەكانی لێ دروستكرا، ئێمە بۆ هێندە خێراین لەبیركردنەوە، كە مەخموور لەساڵی شەشەمی ئازادییەوە ببێتە شاری دالغەكان!

چیبكەم ئەوەی گوێم لێ دەبێو لە میدیاكان دەیخوێنمەوەو دەیبیستم، ڕاست دەربچێ، ئەوا بێگومان مەخموور دەبێتە شاری دالغەكان!، ئەوەتا حكومەتی كوردستان نووسراوی بۆ تەواوی وەزارەتەكان كردووە، كە لەمەودوا مەخموور بخەنە نێو پڕۆژەكانیانەوەو هەر وەزارەتەو بەپێی كاری خۆی، چەند ڕۆژێكیش لەمەوبەر نوێنەری وەزارەتەكانی حكومەتی عێراق سەردانی مەخووریان كردو ئەوانیش بڕیاریان داوە لەمڕۆ بەدواوە پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانكردنەوە بۆ مەخموورو ناوچەكانی دەوروبەری ئەنجام بدەن .

كورە دەترسێم هەر قسە بێ ! یا سوعبەتمان لەگەڵ بكەن ! ئەمە قسەی پیاوێكی بەساڵاچووی ئەم شارەبوو، كە ئەم قسانەم بۆ گێڕایەوە . پێم وت "مامە ئاوا بڕوات مەخموور دەبێتە دەستە خوشكی شاری خەونەكان و ناوی دەنێین شاری دالغەكان"، ئەمجارەیان لێم توڕە بوو وتی "كورە دەبڕۆ لۆخۆت هەر دالغان لێدە" .

بەخوا بڵێم چی مامە پیرە، ئەوە شەش ساڵە دالغە لێدەدەین دەبا ئارام بگرین ئەم چەند ڕۆژو مانگەش بەو دالغەوە بین، بابزانین بە دوو حكومەت، حكومەتی كوردستانو حكومەتی عێراق چیمان بۆ دەكەن، دە فەرموون وەزارەتەكانی هەردوو حكومەت قۆڵی لێ هەڵكەنو كەمێك خزمەتی ئەم شارەو ناحیەو گوندەكانی دەوروبەری بكەن، چی ؟..لە كوێوە دەست پێبكەن ..؟

كورە ئەوە زۆر ئاسانە!، وەڵڵا كێشەی كارەباو ئاوو چاككردنی شەقامەكانو دروستكردنی نەخۆشخانەو میوانخانەو كتێبخانەو یاریگاو مەلەوانگەو بازاڕی هاوچەرخو بەجووت سایدكردنی ڕێگای مەخموورو هەولێرو ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانو دروستكردنو قیرتاوكردنی شەقام بۆیان، هەروەها دروستكردنی پاركێكی گەورەو گەراجێكی مۆدێرنو كردنەوەی پەیمانگاو كۆلێژ لەمەخموور و ..تادوایی، بەداخەوە! هەموو پێداویستییەكانی ئەو دەڤەرە لەو گۆشەیە جێی نابێتەوە، گەر ئەوەندە بكرێت ئەوا بێ شك سیمای شارەكە دەگۆڕێ و دەبێتە وەڵامێكیش بۆ پرسیاری خەڵكەكە كە دەڵێن "چی..؟ مەخموور دەبێتە شاری دالغەكان..؟!".

كامەران ساڵح:

## ئێمەی هونەرمەند دەتوانین دڵی خەڵك خۆش بكەین



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

كامەران ساڵح یەكێكە لەو گۆرانیبێژە دەنگ خۆشانەی لەساڵی ١٩٨٣ تاوەكو ئەمڕۆ لەكاروانی هونەری گۆرانی گوتندا دانەبڕاوە، سەرجەم كارە هونەرییەكانی تەنها لەسەر ئەركی خۆی ئەنجام دەدات.

لە لێداونێكی تایبەت بە (بەدەنگی مەخموور) ، هونەرمەندی گۆرانیبێژ (كامەران ساڵح) سەبارەت بە پرۆژەو بەرهەمی نوێی ڕایگەیاند "ئێستا لەوێنەگرتنی دوو گۆرانی تەواو بوینە، یەكەمیان بەناوی (زەینێ) لەگەڵ گروپی هەڵپەركێ ڕۆژهەڵات، كە ئاوازو هۆنراوەكەی(ڕێناس ئاكرەیی)یە، بەرهەمی دووەمم لە قۆناغی تەواوبووندایە بەناوی(بیرتە گیانە) ئاوازی هی خۆمەو هۆنراوەی (ڕێدار سابیر)ە، بەم زووانە بڵاودەبێتەوە".

هەروەها كامەران ساڵح دەربارەی دەستپێكی كاری هونەری گوتی "دەستپێكی كاری هونەریم بۆساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە، لەسەر دەستی مامۆستا شێرزاد ئەنوەر حەوێزی بوو، یەكەم گۆرانیم بەناوی( هۆ فریشتە دڵدارەكەم) كە ئاوازو هۆنراوەكەی هی مامۆستا شێرزاد خۆی بوو، تاوەكو ئێستاش چوار ئەلبومم لەساڵەكانی (١٩٩٤-١٩٩٨-٢٠٠٢-٢٠٠٨ ) بڵاوكردۆتەوە".

ئەگەر چی كامەران ساڵح پەیمانگای تەكنیكی تەواو كردووە، بەڵام تائێستا هەروەك خۆی باسی لەوەكرد كە "لەڕاستیدا هیچ كارێكی دی ئەنجام نادەم لەبەر ئەوەی تائێستا دانەمەزراوم لەهیچ شوێنێك، جگەلە بەشداریكردنم لە ئاهەنگو بۆنەكان، زۆربەی كاتەكانم لە گەرەكە خۆشەویستەكەم تەیراوە بەسەر دەبەم، ئەگەر چی دوو ساڵە هەوڵدەدەم لە شوێنێك دابمەزرێم بەڵام دانەمەزراوم".

لە بەشێكی دیكەی لێدوانەكەیدا هونەرمەندی گۆرانیبێژ كامەران ڕایگەیاند "بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی كاری هونەرییان بەدەستە بە یەكسانی ئاوڕ لە هونەرمەندان نادەنەوە، بەتایبەت ئێستا دەبینین كەسی وا هاتۆتە ناو بواری هونەرەوە كە شایەنی ئەوە نییە، هیوادارم بەهەموو لایەك بتوانین ژیان جوانترو خۆشتر بكەین بەتایبەت ئێمەی هونەرمەندان دەتوانین دڵی ئەو خەڵكە خۆش بكەین".

سلێمان قەرەچووغی

## كلیپی (بێژینگ بە سەر) دەكاتە دیاری نەورۆز



**دەنگی مەخموور/** (بێژینگ بەسەر) ناونیشانی كلیپی حەیرانبێژ (سلێمان قەرەچووغی)یەو پێكهاتووە لە حەیران و بەستەیەك، دەقی حەیرانەكە لە لایەن مامۆستا پیرداود مەخمووری و كاك عوسمان ڕەحمان قەساب نووسراوە، بەستەكەش لە هۆنراوە و ئاوازی فۆلكلۆرە، ئەم بەرهەمە لەلایەن ئەندازیار ( سالم سەباح ) تۆمار كراوەو كۆمەڵێك میوزیك ژەنیش بەشداریان لە ژەنینی كردووە ، وەكو ( موحسین عوسمان، جەمیل سنجاوی، ڕیاز سەدیق، دیار سیامند، سازگار حاجی )، ئامادەكردنی مۆسیقاش لە لایەن (سازگار حاجی) كاری بۆ كراوە، هەروەها لەم كلیپە كۆمەڵێك ئەكتەر بەشداری نواندنیان كردووە لەوانە (مامۆستا جەلال خەیلانی، تۆفیق سەلیم، بایەزید ڕەحمان، جەبار قەسرانی، درەخشان مەحەمەد كەركوكی) هەر لەم بەرهەمەدا (تیپی هەڵپەركێی سەنتەری ئاسوودە) بەچەند تابلۆیەكی هەڵپەركێ بەشداریان كردووە، سیناریۆی ئەم كلیپە لەلایەن هونەرمەند (مامۆستا چەتۆ حەسەن) نووسراوە، كارە هونەرییەكانی دیكەیش، وێنەگرتنو مۆنتاژ لە لایەن (سەباح ماستاوەیی)و، دەرهێنانی (سامان عومەر خۆشناو)، ماوەتەوە بڵێین كە ئەم كلیپەی هونەرمەند سلێمان قەرەچووغی لەسەر ئەركی هونەرمەند خۆی و سەباح ماستاوەیی ئەنجام دراوە. هیوای سەركەوتنو بەردەوامی بۆ تەواوی ستاڤی ئەو بەرهەمانە دەخوازین.

## حەیرانێك بە یادی جاران

حەیران دەڵێم:
مەخموور لە من بەنزمە بایە
چاوی گەلە ڕەشە، بسكی بادایە
ئەگەر حەیرانی كاكی خۆتان ناناسن
بەژنی گەلە باریكە، پشتێ دەستی و
چەرخا ڕوومەتی كوترایە،
ئەمن بە خراپی خۆم شك نایێ
ئەورۆ دانی هێوارێ بەژنێ باریكەرانە
لۆچی دری لە من دامایە.

## نامەی خۆشەویستی لە مۆبایلدا

**ئا : فەرمان**



بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو فراوانبوونی تۆڕەكانی گەیاندنو پەیوەندی، بەتایبەت دەبینین مۆبایل وەك ئامێرێكی پەیوەندی سەرتاپای ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزیش بەهۆی مۆبایلەوە تادێت پەرە دەسێنێو نامەی خۆشەویستیش لەناو زۆربەی هاندەكانی (ئاری)یانو كیژانان هەیە، لێرەدا چیرۆكێكی كورتی نێوان كچێكو كورێكیتان بۆ بڵاودەكەینەوە.

كیژان: سلاو چۆنی ئاری
ئاری: سوپاس من باشم كچی باش بۆ دەنگت نییە؟
كیژان: بەخوا خەریكی خوێندنم ئەی تۆ بەچیەوە خەریكی؟
ئاری: منیش خوێندن، ئەو ڕۆژە تەلەفۆنم بۆ كردی بۆ وەڵامت نەدایەوە؟
كیژان: وای ئاری ببورە لەگەڵ دوو كچی برادەرم بووم مەجال نەبوو
ئاری: باشە با بەدڵی تۆ بیت
كیژان: نا ئاری گیان وادیارە عاجزبووی، بەخوا مەجال هەبێ بۆ تۆ سەرچاو.
ئاری: چاوت خۆشبی حەزم لێبو گوێم لە دەنگت بیت
كیژان: هەروەها منیش بەس ئاری یەك پرسیارت لێ دەكەم
ئاری: فەرموو منیش زۆر پرسیارم هەیە بەس تۆ یەكەجار بپرسە
كیژان: دەكرێ بزانم ئاری تۆ خۆشەویستیت كردووەو یان خۆشەویستت هەیە؟
ئاری: دەمزانی ئەو پرسیارە دەكەی بەڵام ڕاستی تا ئێستا نەمكردووە
كیژان: سەیرە تۆ لە قۆناغی سێیەمی زانكۆ بیت خۆشەویستیت نەكردبێ
ئاری: چبكەین هێشتا وا ڕێك نەكەوتووە بە خوێندنو كاری ترەوە سەرقاڵم ئەی تۆ؟
كیژان: چی من مەبەستت خۆشەویستیە نا نەمكردووە
ئاری: زۆر باشە ئەی بۆ دیار نیت نایەت بۆ كۆلێژەكەمان
كیژان: دێم ئەو هەفتەیە پێش ئەوەی بێم نامەت بۆ دەنێرم
ئاری: باشە خۆشحاڵ دەبم چاوەڕێت دەبم
كیژان: لەگەڵ سانای هاوڕێم دێم، بەس حەز دەكەم ئەو دیاریەم لێ قەبول بكەی
ئەو كارتە داخیل بكە (.........)
ئاری: سوپاس پێویست بەوە ناكات وەحدەم هەیە
كیژان: سوپاسی ناوێ داخیلی بكەو دوایی خەبەرم بدێ ئێستاش دەڕۆم باشە بای
ئاری: باشە زۆر سوپاست دەكەم بای

***تێبینی ئەو ناوانەی بەكار هاتوون خوازراون.**